زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
Salahaddin University – Erbil

# گوندی دارەبەن

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە

## لە بووارەکانی جوگرافی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکراوە بە سەرۆکایەتی بەشی (مێژوو) وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (مێژوو)

**ئامادەکراوە لەلایەن قوتابی:**

**ڕەیان محەمەد عبدالعزیز**

**بەسەرپەرشتی:**

**د.هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ**

**نیسان - ٢٠٢٤**

بسم الله الرحمن الرحيم

وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ الْقُرَى الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَاهِرَةً وَقَدَّرْنَا فِيهَا السَّيْرَ ۖ
سِيرُوا فِيهَا لَيَالِيَ وَأَيَّامًا آمِنِينَ

القران الكريم سورة-سبأ ١٨

# پێشکەشە

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:

- ✓ دایک و باوکم کەوا هەردەم پاڵنەر و ڕێنیشاندەرم بوونە بو درێژە دان بە خوێندن.
- ✓ سەرجەم خەڵکی ئاوایی دارەبەن.
- ✓ سەرۆکایەتی بەشی مێژوو و مامۆستا بەڕێزەکان.

## سوپاس و پێزانین

- بۆ خوای گەورە و میهرەبان، کە یارمەتی داین بۆ ئامادەکردن و نووسینی ئەم توێژینەوە.
- خانەوادەکەم کە ڕەنج و ماندووبونێکی زوریان لەگەڵمدا کێشا.
- سەرپەرشتیارەکەم د.هۆشەنگ ساڵح نەجارٍ بۆ سەرپەرشتیکردن و پێدانی زانیاری و دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەم.
- هەموو ئەو کەسانەی کە ئەگەر بەوشەیەکیش بێت یارمەتیدەرم بوون، بۆ ئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە.

## هێما كورت كراوەكان

### أ- هێما كورتكراوەكان بە زمانی كوردی

| | |
|---|---|
| ل | لاپەڕە |
| ل ل | لاپەڕەكان |
| ب.س | بێ ساڵی چاپ |

## ناوەڕۆک

**بابەت**

**لاپەڕە**


پێشەکی.................................................................................................(٧)

تەوەری یەکەم

ناو و جوگرافیا و مێژووی دروستبوونی.........................................................(١٠)

تەوەری دووەم

لایەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی گوندی دارەبەن...............................................(١٥)

تەوەری سێیەم

لایەنی ڕۆشنبیری و سیاسی گوندی دارەبەن..................................................(٢٦)

ئەنجام .................................................................................................(٣٣)

لیستی سەرچاوەکان و ژێدەرەکان.............................................................(٣٥)

پاشکۆ...................................................................................................(٣٧)

**پێشەکی:**

گوندەکانی باشووری کوردستان بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوو کاریگەریی‌یان کردووەتە سەر تەواوی مێژووی کوردستان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی، ئەو ڕووداوانە فروان و گشتگر بوون کە تەنها لە ناوچەیەک قەتیس نەمابوونەوە، بەڵکو تاکی کورد لە گشت ناوچە جیاجیایەکان بەشدار بوون لەو پەرەسەندنانە.

وەک دەزانین کوردستان خاوەنی چەندین گوند و دێهاتە لە ئێستا و ڕابردوودا، بەڵام بە درێژایی ڕۆژگار و کات گۆڕانیان بەسەرداهاتووە ، لە هەموو ڕویکەوە بە پێی گۆڕانکاری سەردەمە جیاوازەکان. لەم چوارچێوەیەدا، گوندی دارەبەن، لە دەشتی بەرانەتی-هەولێر، خاوەن مێژووییکی تایبەت بە خۆیەتی، لە ڕووی ئابووری وەکو کشتوکاڵ کە بایەخێکی تایبەتی بۆ گوندەکە هەبووە، چونکە خاکێکی بە پیت و دەشتایی بووە، هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتی کە خاوەنی چەندین عەشیرەتی گەورەبووە، ڕووی سیاسیەوە گوندەکە خاوەن تایبەتمەندی خۆی بووە، خەڵکانێکی تێدابووە لە پێناو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد، بوونەتە قوربانی، واتە هەندێک کەسی خەباتگێڕی تێدا بووە، وە لە لایەنی ڕۆشنبیریش چەندین کەسی تێدا بووە کە کەسانی بە بایەخ و خاوەن پێگەی تایبەتی خۆیان بوونە کە سوودێکی زۆریان بە گوندەکە گەیاندووە خەڵکەکەیان هۆشیار کردۆتەوە.

هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گوندەکە، گوندی خانەوادەی دایکمە، واتە دایکم خەڵکی ئەو گوندەیە و زۆرجار باسی ژیانی سادە و ساکاری گوندەکەی بۆ دەکردم، سەرنجی ڕادەکێشام و خۆشەویستیم بۆی دروست دەبوو، لەبەر ئەوە ویستم توێژینەوەیەک لەسەر ئەم گوندە بکەم و زیاتر زانیاری لەبارەوە بزانم ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر هیچ توێژینەوەیەکی لەسەر نەکرابوو، ئەمەش بۆ ئەوانەی کە شارەزای گوندەکە نین، دەبێتە دەستپێکیک بۆ ناساندنی.

گرنگی ئەم بابەتە :

گوندی دارەبەن یەکێکە لە گوندە دیار و ناسراوەکانی دەشتی بەرانەتی هەولێر، کە ڕۆلێکی دیاری لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ناوچەکەدا گێڕاوە، هەروەها خاوەن خەڵکانی نیشتیمانپەروەر و ڕۆشنبیری لێهاتوو بوو، کە ماوەیەکی زۆر لەو ناوچە لە خزمەتی بزاڤی ڕۆشنبیری و سیاسی کوردستاندا بوونە. ڕۆدانیشتووانی گوندەکە، لە

پێشەنگی ئەو کەسایەتییانە بوون کە توانیان بە ڕەنج و ماندووبوونی خۆیان جێپەنجەیەک لە کوردستاندا بکەنەوە .

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوە، لە پێشەکی و سێ تەوەر پێکهاتووە، هەر تەوەرێک دابەشی چەند باسێک کراوە، لەگەڵ ئەنجام و پاشکۆ و لیستی سەرچاوەکان، تەوەری یەکەم بەناوی جوگرافیا و مێژووی دروستبوونی گوندی دارەبەنە، باسی هەریەک لەم لایەنانەی گوندەکە کراوە، بەتایبەت مێژووی دروستبوونەکە و ناوی گوندەکە کە لە چیەوە هاتووە. تەوەری دووەم باس لە لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی گوندی دارەبەن دەکات، ئەویش لە چەند باسێک پێک دێت پێک، وەک بەشداری خەڵکی گوند لە باری ئابووری ئەو ماوەیەی شاری هەولێر و کوردستان، وەک لایەنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ڕۆڵی ئەمانە بەگشتی. تەوەری سێیەمیش بە ناونیشانی (بارودۆخی سیاسی گوندی دارەبەنە) ئەوەش لە چەند باسێک پێک دێت لەوانە رۆڵی دارەبەن لە ڕووداوەکانی (شۆڕشی چواردەی تەمموز، شۆڕشی ئەیلوول) هەروەها رۆڵی خەڵکی گوندەکە، لەم ڕووداوانەدا.

شیکردنەوەی سەرچاوەکان:-

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، سوودی زیاترم لەسەرچاوەی مەیدانی و چاوپێکەتنە تایبەتەکان وەرگرتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆ کەمی سەرچاوەی نووسراو دەربارەی گوندەکە، ئەوەی لە هەموویان زیاتر سودم لێ بینی بێت، یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی گوندی دارەبەن بووە، بەناوی مامۆستا عەبدوڵڵا تەها، کە گەلێک بیرەوەری مێژوویی گوندەکەی لایە. هەروەها هەریەک لە مامۆستا فەرهاد ئەحمەد و حاجی ساڵح محمد زانیاری گرنگیان بۆ ئەم توێنەوەیە دابین کردووە. لەگەڵ ئەمانەدا چەند کتێبێکیش سوودیان لێ وەرگیراوە، وەک کتێبەکەی عەبدوڵڵا غەفوور بەناوی (گوندەکانی کوردستان/ گوندەکانی باشوری کوردستان لە سەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا – ١٩٧٧) و هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ بە ناوی (مەلا خدری دەشتی ژیان و ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی) و کەمال میران بە ناوی (خۆشناو و خۆشناوەتی)، هەروەها سوود لە چەند پێگەیەکی ئینتەرنێتیش وەرگیراوە، کە ئەوانیش هاوکاربوون، بۆ زانیارییەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە.

لە کوتاییدا ، ئەم توێژینەوە وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە لە هەڵە و کەموکوڕی بە دەر نیە، ئەگەرچی هەوڵی زۆرمان داوە، تا دەکرێت لەم هەڵانە بە دووربین، لەو

کەموکورِییانەش ئەوەبوو، کە بەهۆی سەرقاڵی لە رادەبەدەرمان نەمانتوانی توێژینەوەی مەیدانی و چاوپێکەوتنی زیاتر ئەنجام بدەین. سەرەڕای ئەوەش هیوادارم خزمەتێکی زانستیمان لەم بابەتەوە پێشکەش کردبێت.

## تەوەری یەکەم

# ناو و جوگرافیا و مێژووی دروستبوونی گوندی دارەبەن

### ١. ناو و جوگرافیای گوندی دارەبەن:

هەموو گوندێک لە کوردستان ئەو ناوە چ لە لایەن دانیشتوانەوە بێت یاخود لە لایەن هێزەسەردەستەکانەوە بۆی داندراوە، وشەی دارەبەن، ناوێکی لێکدراوی کوردییە، لە داری + بەن، یان دارە + بەن، پێکهاتووە. دار، هەر دار یان درەختی کوردییە، (بەن)یش، جۆرە بەرێکە کەلەم دارە بەرهەم دێت، لە کوردستان بە زۆری بە شێوەی سروشتی دەڕوێت. دەگووترێت، بەرهەمەکەی، واتە بەن، جۆرە بنیشتێکە کە جاران لە کوردستان زۆر بە بایەخ بووە[١]. لە فەرهەنگی کوردپێدیادا نووسراوە داروەن، قەزوان، داربنێشت، دابەنشت، دارجاچکە، دارقسقەوان، داروەنەتەق، دارێکی بۆن خۆشی لێڕەوارە کە بەرێکی خڕی بچووک دەگرێت بە ناوی بنیشت (چاچکە) کە هەر لەم دارە دەست دەکەوێت[٢].

جا ناوی دارەبەن کە ناوێکی کوردی ڕەسەنە، بەسەر ئەو گوندەدا براوە، دەڵێن لە کاتی خۆیدا، لەو شوێنەدا دارێکی ناسراو هەبووە، یان چەند دارێک هەبوونە، لە جۆری دارەبەن بووە، کە خەڵکی جووتیار و ئاژەڵداری ناوچەی بەڕانەتی هاتوون، لە نزیک ئەو دارە، خانوویان دروست کردووە، پاشان بووەتە گوند و ناوی ئەو گوندە بووە بە دارەبەن واتە لە لایەن دانیشتوانەوە بە ناوی دارەکە ناسراوە[٣].

سەبارەت بە شوێنی جوگرافی گوندەکە، دارەبەن گوندێکە دەکەوێتە دەشتی بەڕانەتی، یان زۆرجار (ناوچەی بەڕانەتیشی) پێدەگووترێت، کە دەشتێکی پان و فراوانە دەکەوێتە باکووری هەولێر بۆ ڕۆژئاوا، شارۆچکەی عەنکاوە و بەحرکە و ڕزگاری و کەورگۆسک و خەبات لە خۆ دەگرێت، لە ڕۆژهەڵات بەرزاییەکانی خانزادە و لە باکوور

---

([١]) عەبدوڵڵا غەفوور (دکتۆر)، گوندەکانی کوردستان/ گوندەکانی باشوری کوردستان لە سەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا – ١٩٧٧، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٥.

([٢]) کوردیپیێدیا – دارەبەن. سەرکەپکان (kurdipedia.org)

([٤]) چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر سەعدەدین محەمەد نووری لە شاری هەولێر، دکتۆرا لە جوگرافیا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢٩، لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٠/دارەبەن.

چۆمی) بەستۆرە (و ناوچەی (زرارەتی)یە و لە ڕۆژئاوا زێی گەورە و لە باشوور جادەی موسڵ- هە ولێرە سەر بە ناحیەی (عەنکاوەیە)[٤]یە. سەر بە قەزای ناوەندی هەولێرە[٥].

گوندی (دارەبەن) لە باکوورییەوە، گوندی (بەرد حوشتر)ە. لە باشووریشەوە گوندی (قەڵانچۆغانە). لە ڕۆژئاواشییەوە گوندی خرابەدراوە و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە، گوندی (گەزنە) یان شێخ گەزنەیە. واتە بو گشتی ئاقاری ئەم گوندە، لەگەڵ ئاقاری گوندەکانی (بەردحوشتر، ئاشۆکان، گەزنە، قەڵانچۆغان، خرابەدراو، سەیدان، گردەچاڵ، بەحرکە) هاوسنوورە. دارەبەن، کەوتووەتە سەر هێڵی درێژی (٤٣.٨٩٩٧) و هێڵی پانی (٣٠٨٧.٣٦). ڕووپێوی گوندی دارەبەن، ١٣ هەزار دۆنمە، لە ٦٠٠ ماڵ پێکهاتووە، ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ٤٠٠٠ کەسە[٦]

**باسی دووەم. تۆپۆگرافیا و جۆری خاکی گوندی دارەبەن:**

سەبارەت بە ئاووهەوای گوندی دارەبەن، بەهۆی ئەوەی گوندەکە سەر بە ناحیەی عەنکاوەیە، بۆیە بۆ زانینی لایەنە تۆپۆگرافییەکەی، پشت بە ئاماری سنووری پارێزگای هەولێر بەستراوە. بە گشتی گوندی دارەبەن لە هاویندا وشک و گەرمە و لە زستاندا سارد و شێدارە. لە بەهار و پایزانیشدا مامناوەندە. باران بەرێژەیەکی زۆر دەبارێت، ڕێژە هەرە بەرزەکەی (٣٠٠ تا ٤٠٠ ملم) ملم باریوە. ئەمەش وایکردووە کشتوکاڵی باش بێت، بە هۆی بڕی باران بارینەوە. خاسڵەتەکاتی وەرزی زستانی بەوە جیادەکرێتەوە، کە هەرچەندە

---

([٤]) ناحیەی عەنکاوە لەرووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە دەکەوێتە ڕۆژئاوای باکووری شاری هەولێر و لە ڕۆژهەڵاتەوە سنووری ناحیەی شاوەیسە و لە ڕۆژئاواوە ناحیەی کانی قرژاڵەیە، و لە باشورەوە قەزای ناوەندی هەولێرە. زۆربەی دانیشتووانی ناوەندی ناحیەکە کریستیانن (کلد و ئاشوور)، هەڵکەوتەی جوگرافی عەنکاوە وای کردووە کە شوێنیکی گرنگی هەبێت بە تایبەت لەرووی هاتووچۆوە، چونکە ڕێگای سەرەکی هاتووچۆی زۆر بەناو ناحیەی عەنکاودە دا دەڕوات ئەمەش وای کردووە کە شاری هەولێر بە ناوچە گەشتیارییەکانی باکوور و ناوچە کشتووکاڵییەکانی بەرانەتی و زرارەتی و گەردییاتی ببەستێتەوە، ئەمەش وای کردووە کە سودێکی ئابوری زۆری بۆ ناحیەی عەنکاوە هەبێت. سایتی عەنکاوە| پارێزگای هەولێرErbil Governorate (hawlergov.org)

([٥]) کوردیپێدیا – دەشتی بەرانەتی (kurdipedia.org)

([٦]) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵلا تەها لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٥ لە شاری هەولێر، لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٧/ دارەبەن.

پلەی گەرمی لەم وەرزەدا، زۆر نزم دەبێتەوە، کە تێکڕای پلەی گەرمی لە وەرزی زستاندا دەگاتە (٥) پلەی ژێر سفر، بەڵام زۆر بە کەمی بەفری لێ دەبارێت، بەڵام لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر، لە وەرزی هاوینیشدا دەگاتە (٤٥) پلە، تێکڕای گەرمی کەڵەکە بوو ساڵانە دە گاتە (٤٥٠٠) [٧].

سەبارەت بە جۆری خاکەکەی، دارەبەن، لەبەر ئەوەی سەر بەناحیەی عەنکاوەیە و لە مەڵبەندی ناحیەی عەنکاوەش زۆر دوور نیە، بۆیە جۆری خاکەکەیان هەر یەکە. ناحیەی عەنکاوە، دەکەوێتە ئەو ناوچانەی کە بەرزی و نزمی زۆری تێدانیە، زیاتر لە دەشتێکی بەرفراوان پێک دێت، تەنها ئەوە نەبێت کە لە هەندێک شوێندا بە هۆی کاریگەری باران هەندێک چاڵایی دروست بووە، کە لە وەرزی باران باریندا، ئاوی لەناو کۆ دەبێتەوە، تا درەنگانی بەهار لەناوی دەمێنیتەوە، خەڵکی ئەو ناوچەیە بەو کەندانە دەڵێن، کەندەک یان کەندار یان گەڕ، وەک (گەڕی عوسمان خەجە)، خاکێکی زۆر باشی هەیە، کە بۆ کشتوکاڵ و کاری کشتیاری زۆر گونجاوە، خاکەکەی تێکەڵەیەکە لە خۆڵی سوور و خۆڵی زەرد، وەرزی پایز، کە بارانی پایزان لە هەردوو مانگی ئەیلوول و تشرینی یەکەم ئاوڕشێنی خاکەکەی دەکات، پەڵە دەدات و ئامادە دەبێت بۆ داچاندن، ئەم جۆرە خاکەی دەشتی هەولێر و بەڕانەتی هەڵگرتنی ئەم جۆرە شێیەی دەبێت، ئەمەش هۆکارێکی یارمەتیدەرە، تا لەم وەرزەدا، جگە لە ڕووەکی خۆڕسک، کشتوکاڵی دێمیشی تێدا بکرێت، واتە ئەو جۆرە کشتوکاڵەی پشت بە دەنکۆڵە شێیەکانی ناو خاک دەبەستێت، بۆ پێگەیاندنی بەرهەمەکەی، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دەوڵەمەندی خاکی گوندی دارەبەن و دەشتی هەولێر، بۆ کشتوکاڵ و دێمی[٨].

**٣. پوختەی مێژووی دروستبوونی گوندی دارەبەن:**

گوندی دارەبەن (بە ناوێکی دیکە)، مێژوویێکی کۆنی هەیە، بە جۆرێک تا ئێستا بە دروستی نازاندرێت، کەی دروست بووە. سەرچاوەیەک پێی وایە کە لەسەردەمانی کۆندا ئەم گوندە لەگەڵ گوندەکانی گردەچاڵ و قەڵانچۆغان هاوسنووری یەک بوونە، گوندی

---

(٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعدەدین محەمەد لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢٩.

(٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی ساڵح محەمەد دارەبەنی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٥ لە دارەبەن، لەدایکبووی ١٩٥٥/ دارەبەن.

قەڵانچۆغانیش وێڕای ئەوەی گردێکی شوێنەواری کۆنی لێیە، لە نزیک گوندەکە، چەندان شوێنەواری سەردەمانی کۆنی لێ دۆزراوەتەوە، بەتایبەت (گەڕی عوسمان خەجە)ی ئاقاری نێوان دارەبەن و قەڵانچۆغان، کە شوێنەواری تاسولقە و گۆزەی ڕەنگدار و کەلوپەلی قوڕینی کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە، کە پێدەچێت، بەشێک بووبێت لە شارستانییەتی دەوڵەتی ئاشووری، ئەمەش پێمان دەڵێت، کە دەبێت مێژووی دروستبوونی ئەم گوندە بۆ زۆر پێش هاتنی ئیسلام بگەڕێتەوە، واتە بۆ سەردەمانی پێش زایین. بەڵگەش بۆ ئەمە بوونی چەند شوێنەوارێکی کۆنە لە ئاقاری دەوروبەری دارەبەن، وەک گردی قەڵانچۆغان و گرەدچاڵ و گردی شێخ گەزنە و خەرابەدراو، بوونی چەند چاوگەیەکی کۆنی وەک (چراغ) و (گۆمە کفرە). هەروەها چاکێکی کۆنی لێ بووە بە ناوی چاکی (شێخ ئەلیاس) و غەرێکی کۆنی بەناوی (چاکە غەریبە) لێبووە، کە خەڵک بۆ چارەسەری سەردانیان دەکرد. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کۆنی گوندەکە، بەڵام پێدەچێت گوندەکە، ماوەیەک بەر وێران بوون کەوتبێت و چۆڵ کرابێت، شوێنەواری نیشتەجێبوونی تێدا نەمابێت. لە قۆناغێکی دیکە جارێکی دیکە ئاوەدان کراوەتەوە[٩].

سەرەڕای ئەمانە، تا ئێستا بە ڕوونی نازاندرێت، دارەبەن کەی دروست بووە، بە پێی ئەو شوێنەوارانە بێت، سەرەتای دروستبوونی گوندەکە زۆر کۆنە، ئەوەی زاندراوە، دەڵێن، لە پێش دەوڵەتی عوسمانییەوە گوندەکە هەر هەبووە. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، بە پێی ڕژێمی تیمار و زەعامەت لەلایەن چەند بنەماڵەیەکەوە، خاوەندارییەتی گوندەکە کراوە، بە گۆڕانی بارودۆخ، خاوەندارییەتی ئەو گوندە گوڕانکاری بەسەرهاتووە، ئاماژە بە ناوی ئاغاکانی ئەو گوندە کراوە، کە ئەو کاتە ئاغای گوند کاروباری گوندیان بەرێوە بردوە و ڕێکیان خستوە یەکێک لەو ئاغایانە (سەید ئەحمەد ئاغای نەقیب)ە، کە بنەماڵەکەیان لە پێش ٢٠٠ ساڵ ئاغای گوندی دارەبەن بوونە، لەگەڵ کوڕەکانی یەک لەوانە زیوەر ئاغایە، کوڕەکەی زیوەر ئاغا کە سوار ئاغایە، ئەویش لە ساڵانی چل و پەنجاکانەوە، کاروباری گوندی دارەبەنی بەڕێوە بردووە، ئێستا کوڕەکەی کە حاکم جەماله لە ژیاندا ماوە. بە گشتی ئەم بنەماڵەیە بنەماڵەیەکی دێرینی شاری هەولێرن خاوەنی زەوی و زارو موڵکێکی زۆرن لە دارەبەن. ئەگەرچی خۆیان لە قەڵای هەولێر دەژیان، بەڵام بەهۆی

---

(٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا سامی دارەبەنی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٦ لە شاری هەولێر.

سەرکارەکانیانەوە کاروباری دارەبەنیان بەڕێوە دەبرد. یەکێک لەو سەرکارانە ناوی کەریم سەرکار بووە، کە کاروبارەکانی بەڕێوە بردووە[10].

بێجگە لەوەی دانیشتوانەکەی کورد بوونە و کوردی لێ ژیاوە لەپاڵ دانیشتوانەکەی چەندین نەتەوەی تری لێ ژیاوە وەکو ئاشووری و تورکمانی (کە زیاتر بەهۆی کاری وەزیفی لەوێ بوونە)، وەک مامۆستا سولاقە ئۆگەستین کە ماوەی چەندی ساڵ لەو دێیە مامۆستا بووە و لەگەڵ خانەوادەکەی لەوێ ژیاون. هەروەها مامۆستا ڕەشید داود کە تورکمان بووە، بە هەمان شێوە وانەی وتۆتەوە. سەرەڕای ئەوە خەڵکانی جوولەکەی ڕەسەنیش لە گوندەکە ژیان. وە ئەو نەتەوانە هەموو بە ئاشتی لەگەڵ یەکدا ژیاون و هاوکاری یەکتریان کردووە و کارەکانیان بە هەرەوەزی کردووە، وە بەشداریان لەگەڵ یەکتر کردوە لە بۆنەکاندا لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵ یەکتر بوونە[11] .

---

(10) د. هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، مەلا خدری دەشتی ژیان و ڕۆلی ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی، ناوەندی کۆڕی مێژوناسی، هەولێر، ٢٠٢٤، ل٦.

(11) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا سامی دارەبەنی ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٦.

**تەوەری دووەم.**

## لایەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی گوندی دارەبەن

گوندی دارەبەن، نموونەیەکی بچووکی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، هەمان ئەو سیمایانەی کە لە تێکرای کۆمەڵگادا هەن، لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە گوندی دارەبەنیشدا، بوونیان هەبووە. لە ڕووی ئابوورییەوە کۆمەڵگای کوردەواری زیاتر پشتی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەستووە. لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە، پابەندبوون بە دابونەریت و ئایین، دوو بنەمای سەرەکی ناو کۆمەڵگان و لە زۆربەی دێهاتەکانی کوردستانیشدا، ئەو بنەمایانە سیمای سەرەکی ناو ئەو کۆمەڵگایانە بوونە. بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو بابەتە هەردوو لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی گوندی دارەبەن بە نموونە وەردەگرین.

**باسی یەکەم. لایەنی ئابووری:**

لە گوندی دارەبەندا، سەرچاوە سەرەکییەکانی ئابووری، هەردوو لایەنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوونە، زۆربەی خەڵکی ئەم ئاواییە، بە یەکێک لەم دوو لایەنە خەریک بوونە، ئەمەش سیمایەکی تەواوی بە گوندەکە بەخشیوە، کردبووی بە کۆمەڵگایەکی بچووکی کشتوکاڵی[١٢]. بۆیە لە باسی یەکەمدا باس لە بابەتی کشتوکاڵی دەکەین:

**١. کشتوکاڵ:**

وەک لە پێشدا ئاماژەمان پێی کرد، کە خاکی دەشتی هەولێر بە گشتی، بە گوندی دارەبەنیشەوە، بۆ کشتوکاڵ گونجاو بووە. کەشوهەواکەشی لە هەردوو وەرزی زستان و هاویندا، یارمەتیدەرێکی سەرەکی ئەو بابەتە بووە. هەربۆیە کشتوکاڵکردن بە بڕبڕەی پشتی دانیشتوانی دارەبەن دادەنرێت. هەر لەکۆنەوە دانیشتووانی ئەم دێیە خەریکی کاری کشتوکاڵکردن بوونە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو کات خەڵکەکە هیچ کارێکی دیکەیان نەبووە،

---

[١٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەمەزان ساڵح دارەبەنی، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢٩ لە هەولێر، لە دایکبووی ١٩٨٤/ دارەبەن.

بیکەن، وەکو ئێستا نەبووە، بۆیە کاری کشتووکاڵی تاکە سەرچاوەی دابینکردنی بژێوی خەڵک بووە (بەتایبەت گەنم و جۆیان چاندووە)[١٣].

کاری داچاندنی زەوی لە وەرزی پایزدا دەستی پێدەکرد، سەرەتا دەست دەکرا بە کاری کێڵان، لە کۆندا بەهۆی گاجووتەوە زەوییان دەکێڵا، کە بریتیبوو لە بەستنەوەی گاسن بە دوو گای بەهێز یان هێستر و گوێدرێژ، ئینجا زەوییەکەیان دەکێڵا. ئەمەش کارێکی زەحمەت بوو، ماندووبوونی زۆری دەویست، پاشان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ژیان، تراکتۆر و خەرماشە، پەیدابوون، کە کاری کێڵانیان زۆر ئاسان کرد[١٤].

پاشان لە هەمان وەرزدا، کاری چاندنیش ئەنجام دەدرا، بەتایبەت دوای ئەوەی کە بارانی پاییزان (ئەیلوول تا کانوونی یەکەم)، زەوییەکەی نەرم دەکردەوە، دەیانگووت پەڵەی داوە. زەویش کاتێک پەڵەی دەدا، کە بارانێکی باشی پاییزان بباریبا، هەندێک جار دەگووترێت مەبەست لە پەڵە ئەوەیە، کە ئاو بەقەد قووڵایی گۆڕی مرۆڤێک، بچێتە ناخی زەوی ئەوساکە دەڵێن، پەڵەی داوە. دوای داچاندن، ئینجا خۆڵەکەیان بەسەر دانەوێڵەکە دادەدایەوە، واتە دایاندەپۆشی، پێیان دەگووت (خرت)، ئەمەش لە ترسی باڵندە وایان دەکرد[١٥].

دوای کێڵان و داچاندن، وەرزی زستان دەهات، خەڵک لەو کاتەدا بێکار دەمانەوە، تاکو کۆتاییەکانی وەرزی بەهار، ئیتر لێرەوە، کارێکی دیکە دەستی پێدەکرد ئەویش کاری دروێنەکردنی دانەوێڵە بوو، کە لە دەشتی هەولێر و گوندی دارەبەن پێی دەڵێن (دروونە). بۆ دروێنەکردن پشتیان بەهێز و بازووی خۆیان دەبەست، زۆربەی جار بە شێوەی هەرەوەزی و گەلەکاری کارەکانیان دەکرد و هەر ڕۆژە و گەنمی ماڵێکیان دروێنەدەکرد. دروێنە لە کۆندا، بەر لە هاتنی ئامێری دەڕاسە، بە دەست دەکرا، ئامرازێکیان بۆ دروێنە بەکاردەهێنا پێیان دەگووت (داس)، ئەوەی داسەکەی لەدەست بوو پێی دەگوترا (سەپان)، پیاوان زیاتر کاری دروێنەیان دەکرد، ئافرەتانیش کاری کۆکردنەوەی گەنمیان ئەنجام

---

(١٣) هەمان سەرچاوە.

(١٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوون شوکری حوسێن، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢ لە هەولێر، لەدایکبووی ١٩٥٨/دارەبەن.

دەدا[١٦]. زۆرجاریش لە کاتی کارکردندا، گۆرانی فۆلکلۆرییان لەبەر خۆیانەوە، دەچڕی، وەک ئەو گۆرانییەی کاتی دروونە:

**هە دروونە دروونە دروونە**

**دەسکێ داسێم (بەڕوو)نە[١٧]**

لەگەڵ بەکارهێنانی داسدا، جۆرە ئامێرێکی دیکەش بەکاردەهات، پێیان دەگووت (قەیناغ) کە کە وەک دەستەوانە وابوو، جووتیاران لە پەنجەیان دەکرد، بۆ ئەوەی لەکاتی دروێنە زیانیان پێنەگات. (داس) بە گشتی لە ئاسن دروست دەکرا، بەڵام دەسکەکەی دار بوو. ئەوەی تریان لەپێستە دروست دەکرا. دوای دوورینەوە، قۆناغی کۆکردنەوەی گەنمەکە دەستی پێدەکرد، پێیان دەگووت (شەغرە)، شەغرەکەیان لە شوێنێک کۆ دەکردەوە پێیان دەگووت (جۆخین). کاری شەغرەکێشان (١٠-١٢) ڕۆژی دەخایاند. دواتر بە ئامێرێک گەنمەکەیان دەکوتایەوە پێیان دەگووت (جەنجەڕ)[١٨]. ئەمەش نزیکەی ٢٠ ڕۆژی دەخایاند.

---

(١٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا فەرهاد ئەحمەد لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٥ لە هەولێر، لەدایکبووی ١٩٨٠/ هەولێر.

(١٦) چاوپێکەون لەگەڵ خاتوون مەهاباد ساڵح لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢ لە هەولێر، لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٩/ هەولێر.

(١٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ هێمن حەمە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٧ لە هەولێر، لەدایکبووی ١٩٨٢/ هەولێر.

(١٨) جەنجەڕ: ئامێرەکی کوردەواری کۆن و دێرینە، کە بیرۆکەی کورد بووە و لە شێوەی (دەڕاسە) کار دەکا، لە دار و بزماری گەورە و ئاسن دروست دەکرێت، تۆپەکی هەیە لەخوارێی دەخرێت و پێی دەرێن تۆپی جەنجەڕی کە دارەکی ئەستوورە. باڵتە دەسووڕێ و وەک چەقو وایە و سەرەکانی تیژە، کاری ئەو باڵتانە وردکردنی ئەو قەسەرەیە کە لەسەری دەڕوا، ئەوسەر و ئەوسەری کونە و جەنجەڕەکەش کلچوکەی هەیە و دەچێتە ناو دارەکە، دەسووڕێت و  قەسەرەکەی هورد دەکا، ئەولاو ئەولای حوشترەی جەنجەر، دەغر دەهێنرێ و هێستر رایدەکێشی و دەسووڕێ، هەرچەندە قرشەکە هوردتر دەکا و تیژ تر دەبی، دەبی چەور بکرێ نەوەک ژەنگی هەربینی، زیاتر بە دوو ئێسترە  یان گا یان کەر لۆ راکێشانی جەنجەرەکەی بەکاردەهێندرێت، لەکوردستان دروست دەکرێت و هەیە و پێشتر کاری پێکراوە، پێش دەراسە پەیدا بووە، ئێستاش لەهەندە جێیان کاری پێدەکرێ لەوجێیانەی کە دەراسە نایگاتێ، پێش جەنجەڕ (چان) هەبووە، چان لە دار و کەبەر چاککرایە، کەبەر جۆرە درکەکە چاک دەکرا و توند دەکرا و لە هێستر دەخرا لۆ ئەوەی گەنم و جۆی لە قەسەرەکە جودا ببێتەوە. کایەکەی سەرەوە لۆ گیاندارانە و ئەوەی لە خوارێش دەمینێتەوە دەبێتە جۆ و گەنمی ساف. وەرگیراوە لە پەیجی فەیسبووکی (عەنتیکەخانەی کوردەواری).

دواتر شەنەبایان دەکرد، گەنم و کایەکان لەیەک جیا دەکردەوە، ئەمەش نزیکەی مانگێکی تری دەخایاند هەتا خاوێن دەبووەوە. بەئێستر و گوێدرێژ دەیانهێنا ماڵەوە دواتر کایەکەیان دەهێناوە، ئەویشیان حەمباڵ دەکرد، وەک خۆراکی ئاژەڵان بەتایبەت مەڕ و ماڵات بەکاردەهات. پاشان بەشێک لەو گەنمەیان جیا دەکردەوە، ساوارییان لێ دروست دەکرد.
لە هاوینانیشدا کاری شینایی دەستی پێدەکرد، کاری شینایی، واتە چاندنی سەوزە، وەک بامیە و باینجان و تەماتە و بیبەر و خەیار و پیاز، دەکرا. هەروەها هەندێک شینایی دێمیش دەکرا، وەک، گندۆرە و تەرۆزی، کە پێویستی بە ئاودان نەبوو، خۆی بە شێوەیەکی خۆڕسک پێدەگەیشت[١٩].

سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئاوی کشتوکاڵی، زیاتر دێیەکە پشتی بە ئاوی باران بەستووە، کە باران لە هەرسێ وەرزی پاییز و زستان و بەهار، ئاودێری دەغڵ و دانی دەکرد. هەروەها زۆرجار ئاوی کارێز و بیر و پاشماوەی ئاوی باران، لە نێو کەند و چاڵاییەکاندا، بەتایبەت لە وەرزی هاویناندا، بۆ هەمان مەبەست سوودی لێ وەردەگیرا[٢٠].

### باسی دووەم. ئاژەڵداری لە گوندی دارەبەن:

ئاژەڵداری یەکێک بوو لە چالاکیە ئابوورییەکانی گوندی دارەبەن. کە بە تەواوکەری کاری کشتووکاڵی دادەندرێت هەندێکجار پێویست ناکات لە یەک جیابکرێنەوە. دارەبەن بەهۆی ئەوەی زەوییێکی بەرفراوانی هەیە، لەوەڕگای باشی تێدابووە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ سوودی زۆری لێ وەرگیراوە. هەرئەمەش یارمەتیدەر بووە، کەوا خەڵکی گووندەکە، لە پاڵ کاری کشتووکاڵی، کاری ئاژەڵدارییش بکەن و بەم کارە خەریک بن.

لە گرنگترین ئەو جۆرە ئاژەڵەی لە گوندی دارەبەندا بەخێوکراوە، ئەمانەبوون، مەڕ و بزن و ڕەشەولاخ (چێڵ و مانگا) و پەلەوەر. بەلایەنی کەم هەر ماڵێک، بۆ پێداویستییەکانی ژیانی خۆی، هەندێکیانی ڕاگرتووە. هەشیان بووە، زیاتر لە کاری کشتووکاڵی بایەخی پێداوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ ڕاگرتووە. خەڵکی گوندەکە بایەخی تایبەتیان بە بەخێوکردنی مەڕ داوە، چونکە مەڕ بەخێوکردنی ئاسانە، بەپێچەوانەی ڕەشەولاخ.

---

[١٩]) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز یاسین مستەفا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٧ لە دارەبەن لەدایکبووی ١٩٥٦/دارەبەن.

([٢٠]) مامۆستا سامی دارەبەنی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٦.

بەجۆرێک کە هەر ماڵە و هەندێکی هەبوو. خەڵکی گوند، هەر لە وەرزی بەهارەوە تاکو پاییز، بە شێوەی ڕۆژانە، لە بەری بەیانیان زووەوە، دوای ئەوەی مەڕوبزنەکانیان دەدۆشی، شوان دەیبردن بۆ دەشت و دەر بۆ لەوەڕاندنیان. دوای ئەوەی شەو دادەهات، دەیان هێنانەوە ماڵەوە، لەلایەن ئافرەتانەوە دەدۆشران و شیرەکەیان دەکردە پەنیر و ماست، دوای ئەوەی بەشی پێویستی خۆیان دەگێڕاوە، ئەویتریان بە مەبەستی فرۆشتن بۆ هەولێر دەنارد. کاتێک دەبووە وەرزی هاوین، شیر کەم دەبووەوە، ماستەکەیان بەمەشکە دەهەژاند و ڕوونەکەیان لێ دەگرت، بۆ وەرزی زستان هەڵیاندەگرت. هەر لە شیری ئەو ئاژەڵانە، بەرهەمی (دۆ)ش دروست دەکرا، کە (کەشک)یان لێ دروست دەکرد[٢١].

وە هەروەها لە دوای نەورۆز، کاری مەڕبڕینەوە دەهاتە پێشەوە، کە پێیان دەگووت (جەوبڕان). لە وەرزی جەوبڕانییدا، خوری مەڕ دەبڕنەوە. خاوەن ئاژەڵەکە چوار بۆ پێنج کەسی تایبەت بەم کارەی لە گوندەکە کۆدەکردەوە، یەکێکیان پەلی مەڕەکانی دەبەست، پاشان چەند خوولەکێک لەبەر هەتاو، دایان دەنان، تاکو ئارەقە بکەن، ئەو کات بڕینەوەی خوش دەبوو. (جەو) مقەسێکی تایبەتی مەڕبڕینەوە بوو، ئەو کەسەی کارەکەی دەکرد. پێی دەگوترا جەوبڕ دوای بڕینەوە، مشتێک خۆڵەمێشیان لەلەشی ئاژەڵەکە دەدا، بۆ ئەوەی یەکسەر ڕۆژ لە پێستەکەی نەدات. ئەگەر لەکاتی بڕینەوە، مەڕەکە بریندار بایە، ئەوکاتە بە (خوێ)، یان بە (کەرە)، یان بە (تەنی)، یان هەر بە (ڕیخ)ی خۆی، تیماریان دەکردن. ئەو ڕۆژە خاوەن مەڕەکە، بەرخێکی بۆ جەوبڕەکان سەر دەبڕی، بە پڵاوساوار بۆی لێدەنان. سەری بەرخەکەشیان بەکوڵاوی دەهێنایە پێش، بۆ ئەوەی جەوبڕ بزانێت، بەرخی بۆ سەربڕاوە. دواتر خورییەکەیان دەبردە هەولێر دەیان فرۆشتە (دەباغخانەکان) [٢٢] و دەباغچییەکان[٢٣].

مەڕوماڵات لە مانگی تشرینی دووەم، دەست بەزان دەکەن، هەمووشی لەیەک کاتدا نیە، هەندێک کات دەکەوێتە وەرزی زستان، یان سەرەتای بەهار، لەوکاتەدا نەریتی نۆماستە پەیدادەبێت، سێ ڕۆژی یەکەم، ماست بەسەر دەرودراوسێکان دابەش دەکرێت،

---

(٢١) چاوپێکەوتن لەگەڵ یاسین مستەفا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٧.

(٢٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی ساڵح محەمەد لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٥.

(٢٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوون شوکری حوسێن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢.

هەر ماڵێک بۆی بچووبایە، قاپەکەی بە نەشۆردراوی دەگەڕاندەوە، هەروەها چنگە خوێیەکیان لە قاپەکە دەکرد و ڕەوانەیان دەکردەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، تازە نمەکمان و نمەکتان تێکەڵ بووە، چاوزار کارناکاتە سەر ماستەکەتان. هەروەها نەریتێکی دیکەی ئاژەڵدارەکان، نوابوو، کە لە وەرزی زاوزێ، خاوەن ئاژەڵەکە مەڕێکی سەر دەبڕی، دەیکردە چێشت دراوسێ و ئاژەڵدارەکانی دەوروبەری داوەت دەکرد(٢٤).

یەکێکی دیکە لە بەرهەمەکانی ئاژەڵداری، بەخێوکردنی پەلەوەر بووە، پەلەوەر هەموو جۆرە پەلەوەرەکان دەگرێتەوە، وەک (مریشک و قاز، عەلەشیش، مراوی، چین و ماچین)، کە بەخێوکردن و ڕاگرتنیان، تەنیا بۆ مەبەستی گۆشت نەبووە، بەڵکو سوودی تریان هەیە، بەگشتی پەلەوەر بۆ سێ مەبەست بەخێو دەکرا. یەکەمیان، بەخێوکردنی پەلەوەر بوو بۆ گۆشتەکەی، واتە تەنها بۆ ئەم مەبەستە ڕایان دەگرت. دووەمیان بۆ هێلکە، کە هێلکەکە یان دەخورا، یان دەفرۆشرا. سێیەمیان، بۆ مەبەستی زیادکردن و پاشان فرۆشتنەوەیان بوو، جا یان هەر لەناو گوند دەیانفرۆشت، یان بە هەمان شێوەی ماستەکە، دەیاننارده شار و لەوێ دەیانفرۆشت(٢٥).

کاری ئاژەڵداری بێ کێشە نەبووە. هەندێکجار مەترسی بۆ ئەم سەرچاوە بژێوییە دروست دەبوو. بەهۆی ئەوەی نەخۆشی لەناو ئاژەڵەکان بڵاودەبووەوە. کە دەبووە هۆی مرداربوونەوەی ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵەکان، ئەمەش زیانێکی گەورەی بە خەڵکی گوندەکە دەگەیاند. یان هەندێکجار باران بەپێی پێویست نەدەباری و وشکەساڵی دروست دەبوو. بەمەش ئاژەڵداران تووشی گرفتی لەوەڕ دەبوونەوە(٢٦).

### باسی سێیەم. بازرگانی و پیشەسازی:

پیشەی بازرگانی یەکێکە لەو پیشە گرینگانەی کە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکان بۆ ئەوەی هەموو پێداویستیەکانی ژیان دابین بکرێ دوور لە هەموو کەموکوڕیەک ئەنجام دەدرێت ، وە لە کۆندا بازرگانی بە شێوەیەکی سادە ئەنجام دراوە ، تا هێواش هێواش پەرەی سەندووە بۆتە لایەنێکی گرینگی پەرەپێدانی ئابووری. لە گوندی دارەبەن بازرگانی

---

(٢٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد عەبدولعەزیز لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/١٧، لەدایکبووی ١٩٦٩/ هەولێر.

(٢٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدڵلا تەها لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٥.

(٢٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا سەباح عەبدولعەزیز لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/٢٥ لە شاری هەولێر.

هەر لە کۆنەوە کراوە ، بەڵام بە شێوەیەکی سادە بۆ نمونە لە ناوچەی خۆشناوەتی ترێ و مێوژ و هەنجیر و هەنار و خۆخ ئەو شتانەیان دەهێنایە گوندی دارەبەن لەوێدا بە گەنم و جۆ و نیسک سەودایان پێ دەکرد ئەمەش پێی دەوترێ سەلەم . هەروەها لەو گوندە کارگەی دەستکرد هەبووە کە ئافرەت و پیاوەکانیان لیفیان لەو کارگە دروست کردوەو بازرگانیان پێوەکردووە[٢٧].

پیشەسازی یەکێکە لە لایەنە گرینگەکانی ئابوری بۆ بەرهەمهێنانی کەلوپەل و پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانی مرۆڤ ، وە لە کۆندا ئەو پیشەیە هەبووە بەڵام لە چوارچێوەی پیشەیەکی سادەدا واتە بە هۆی کەمی ئامێرو کەمی بەرەو پێش نەچوونی کۆمەڵگای کوردی لە رووی فکریەوە .

گوندی دارەبەن دوو کارگەی هەبوو:

١. گارگەی دروست کردنی (جۆرە)هەبوو کە بەرماڵ (دوگورد) و مافور و جاجم و بەڕە ، لباد هەروەها شتی سادە وەکو گۆرییە ، لیفکە ، دۆخین لەو کارگەیە دروست دەکرا.

٢. کارگەی دەست کرد بوو کە لیفیان لەو کارگە دروست دەکرد بە ئافرەت و پیاوەوە کە بازرگانیشیان پێوەدەکرد وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا. وە جێگای ئاماژە پێکردنە هەندێ لە خەڵکی ئەم گوندە لە ماڵەکەی خۆیاندا کارگەیان هەبوو واتە کەلوپەلیان لە ماڵی خۆیان دروست دەکرد بۆ ماڵی تر وەکو سۆبە و مەقاڵە و هەروەها تەشت و مەنجەڵیان دروست دەکرد لە تەنەکە وە سۆبای دارانیش یەکێکی تر بوو لەو کەلوپەلانەی دروستیان دەکرد و دەیانفرۆشتەوە ، وە خەڵکی گوندی تریش دەهاتن بۆ کڕینی ئەم کەلوپەلانە لە ساڵی ١٩٧٧ کارگەی رستن و چنین هەبووە لە ناو خانوێکی حکومی کشتوکاڵی یاخود لە (بینای هەرەوەزی کشتوکاڵی) کە سوودێکی زۆری بە خەڵکی ئەو گوندە گەیاندووە لەو سەردەمە ، چونکە ئەو سەردەم سەردەمێکی سەخت بووە لە ڕووی هەموو لایەنێکی ژیانەوە[٢٨].

---

[٢٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدڵڵا تەها لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٥.

[٢٨] هەمان سەرچاوە.

## باسی سێیەم. لایەنی کۆمەڵایەتی گوندی دارەبەن:

### ١. لایەنی هۆزایەتی:

سەبارەت بەوەی کە هەر لە کۆنەوە، چ هۆزێک لە دەشتی هەولێر نیشتەجێ بووە، سەرچاوەکان کەمتر ئاماژەیان بەوە داوە. بەڵام سەبارەت بە خەڵکی گوندی دارەبەن، زۆربەی هەرەزۆری لە هۆزی (گەردی)ن تەنها کەمێکیان نەبێت لە هۆزەکانی (خۆشناو) و (بلباس) و (هەروتی) و (سورچی) و (مەنتک) و (هەرکی) و (نانەکەلی)ن. کە پێدەچێت دوای هۆزی (گەردی)، هاتبنە گوندەکە[٢٩].

سەبارەت بە بنەچەی هۆزی (گەردی) کە زۆرینەی گوندی دارەبەن لەم هۆزە پێکدێن، دەگوترێت کە ئەو بنەماڵەیە کاتی خۆی، بەشێک بوونە لە هۆزی (گەردی)ی باکووری کوردستان، واتە لە دەوروبەری جۆلەمێرگ و باکووری کوردستانەوە کەوتوونەتە دەشتی هەولێر، بۆیە خۆیان بە بەشێک لە هۆزی گەردی باکوور دادەنێن. بەڵام سەرەتای هاتنیان بۆ دەشتی هەولێر زۆر ڕوون نیە. هۆکارەکەی ئەوە بووە، کە هۆزی گەردی هۆزێکی کۆچەری بووە، کوێستان و گەرمیانیان کردووە و بە دوای لەوەڕگادا گەڕاون، لەوانەیە بەهۆی باشی لەوڕگای ناوچەکە، دەشتی هەولێرییان بە گونجاو زانیوە و لێی نیشتەجێ بوونە. کە ئەم کۆچەش بۆ زیاتر لە ١٠٠ تا ١٥٠ ساڵ دەگەڕێتەوە[٣٠].

سەبارەت بە هۆزی خۆشناو، ئەم هۆزە لە سەرەتاوە، لە ناوچەی خۆشناوەتی ڕوویان نیشتەجێ بوون، پاشان بەشێکیان کۆچیان کردووە بەرەو دەشتی بەڕانەتی هەولێر، بەرەو باشوور و ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکە، هەندێکیان لە دەشتی کۆیە، بەشێکی دیکەشیان لە دەشتی هەولێر و کەندێناوە و قەراج نیشتەجێ بوونە. سەبارەت بە گوندی دارەبەنیش، چەند ماڵێکی سەر بەو هۆزە نیشتەجێ بوونە[٣١].

---

(٢٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەمەزان ساڵح لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢٩.

(٣٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا سامی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٦.

(٣١) کەمال خورشید میران، خۆشناووخۆشناوەتی، ئا: سالار میران، چاپخانەی وەزیرییە، بەغداد، ١٩٨٥، ل١٣.

سەبارەت بە هۆزی هەروتی، ئەوانیش هۆزێکی گەورەن، ئەم هۆزە بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هۆزێکی کۆچەری بوونە، ، ژمارەیەک لقیان هەیە، دوو بەشیان هەیە لە دەشتی بەڕانەتی و کەندیناوەی هەولێر دەژین. بەشێکیان لە دەشتی دزەییاتی و شاری هەولێریش دەژین. کە یەکێک لەوانە گوندی (دارەبەن)ە(٣٢).

دیارترین کەسایەتییەکانی ئەم هۆزانە لە گوندی دارەبەن ئەمانە بوون، سەرەتا هەر لە سالآنی سییەکانەوە مەلا خدری دەشتی و مەلا عومەری دارەبەنی و کەریم سەرکار و حاجی تەها گەردی موختاری ئەو گوندە شێخ محەمەد ئیسماعیل بوو، دواتر بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە، نوورەددین محەمەد بووەتە موختاری گوندی دارەبەن، لەسەردەمی نورەددیندا، پێنج ڕیشسپی هەبوون، کاروباری گوندەکەیان بەڕێوەبردووە، ئەوانیش ئەمانەبوون: جەمیل کەریم، کێخوا حەسەن، حەسەن حوسێن، فەرحان عەبدوڵڵا و حەسەن لاوە بوون. ئەمانە لە زۆربەی کاروبارەکانی گوند تا سەرەتای سالآنی دووهەزاریش، لە هەموو کاروبارەکانی گوند بەشدارییان کردووە(٣٣).

**٢. ژن و ژنخوازی لە گوندی دارەبەن:**

لە زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی کوردستان ژن و ژنخوازی بە نەریتی جیاواز و تایبەت هەبووە، لە گرنگترین ئەو نەریتانەش وەک: ژن بەژنی، شیربایی، ژنهەڵگرتن، بنپشک. ئەم چوار جۆرە ژنهێنانە، هەرچواریان لە دەشتی هەولێر بەگشتی و گوندی دارەبەن بە تایبەتی هەبوونە. بەڵام ئەوەی کە لە هەمووان زیاتر لە گوندی دارەبەن باو بووە. زیاتر ژن بە ژنی بووە. بە جۆرێک زۆر جار لە کوردەواری دەیانگووت، (ئەوەی خوشکی نەبی، بە زگورتییاتی سەر دەنێتەوە). ئەمەش یان لە چوارچێوەی گوندەکە بووە، واتە لەناوەوەی گوندەکە ژنیان بەم شێوە مارەدەکرد یاخود ژنبەژنیان لەگەڵ گوندەکانی دیکەدا دەکرد(٣٤).

جۆرێکی دیکە، ژنیان هەر بە بچووکی مارە دەبڕی، واتە هەر بە بچووکی، لە ساوایی، کچەکەیان لە کەسێک مارەدەکرد، بەبێ ڕاوەرگرتنی کچەکە، ئەمەش ژنهێنانی گەورە بە

---

(٣٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی ساڵح محەمە د لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٥.
(٣٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوون شوکری حوسێن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢ .
(٣٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد عەبدولعەزیز لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/١٧ .

بچووک یان (بنپشک)یان پێ دەگووت، واتە ئافرەتێک لە پیاوێک مارەدەکرا بێ ئەوەی یەکتریان بوێت. ئەم نەریتە لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان و لە گوندی دارەبەنیش هەبووە[٣٥].

سەبارەت بە (شیربایی) یان (شیربەها) کە بە (باشلیق)یش دەناسرێت، نەریتێکی کۆنە کە بڕە پارەیەکە، زاوا پێش هاوسەرگیری و جیا لە مارەیی، دەیدات بە خێزانی بووکەکە، ئەم بڕە پارەیە وەک یارمەتییەک دێتە پێش چاو بۆ ئامادەکردنی کاروباری بووکەکە، کارێکی ناباشە و لە ئیسلامدا حەرام کراوە. هەتاوەکو ئێستا هاوسەرگیری شیربایی لە هەندێک لە شار و ناوچە دوورە دەستەکانی کوردستان ئەنجام دەدرێت. بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١١، ڕووی لە کەمی کرد و شێوازی شیربابییەکانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، مێژووی شیربایی دیار نیە، ئەوە نەریتێکە لە کوردستاندا هەیە، بە هۆی گەڕان و چالاکییەکانەوە ئەو دیاردەیە ڕووی لە کەمی کردووە، جاران لە دەشتی هەولێر و گوندی دارەبەن، شیربایی یەکێک بوو لە مەرجەکانی هاوسەرگیری، بەڵام وردە وردە بەرەو کاڵبونەوە ڕۆشت، ئەوەش بەهۆی ئەوەی شەرع نەهی لێکرد خەڵکێکی زۆر وازیان لێهێنا[٣٦].

بە هەرکام لەم ڕێگایانە، دوای ئەوەی کچەکەیان مارە دەکرد، بوخچە و بارگە جیهازیان لە شاری هەولێر بۆ بوکەکە دەکڕی، ئەوەش بەپێی داهات و ئابووری خیزانەکەی بوو، کە دوو دەستە جلک و زێڕ و زیو و هەندێک جلوبەرگ و کەلوپەل و پێداویستی ماڵەوەشیان دەکڕی، دواتر وادەی ژنگواستنەوەکەیان دیاری دەکرد.

ماڵی زاواش هەڵدەستان بەداوەتکردنی هەموو خزم و دۆست و ناسیاوی گوندەکە و گوندەکانی دەوروبەر، جا ئەگەر کەسێک دەستڕویشتوو بایە، ئەوا خەڵکێکی زۆری بۆ ئاهەنگی کوڕەکەی داوەت دەکرد. چەند ئاژەڵێکیان سەردەبڕی نان و خواردنێکی زۆریان لە مەنجەڵی گەورە ئامادە دەکرد. کە زیاتر گۆشتی کاوڕ بە پڵاوساوار یان برنج بوو. هەروەها بە سەماوەری گەورە چایی ئامادە دەکرا. میوانەکانیش بێ دەست و دیاری نە دەهاتن، دیاریەکانیش گیسک، شەکر و برنج و ڕوون بوو. هەروەها ڕۆژێک پێش

---

(٣٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەمەزان ساڵح لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢٩.

(٣٦) شیربایی لە سایتی زانیاری بڕوانە: (zaniary.com)

گواستنەوەی بووک، ژنێک ئەچووە ماڵی بووک پێی دەوترا (بەربووک)، دەست و سەری بووکەکەی لەخەنە دەگرت، جوان دەیان ڕازاندەوە و ئامادەیان دەکرد، وە هەروەها لە ماڵی زاوا ئاهەنگیش دەکرا، دەهۆڵ و زوڕنایان دەهێنا خەڵکەکە، وەک شاباش پارەیان دەدایە زوڕنابێژ، گەورە بچووک ژن و منداڵ ئەوانەی بانگێشتی ئاهەنگەکە کرابوون، تا کۆتایی لەوێ دەمانەوە و هەندێکیان بەشداری هەڵپەڕکێیان دەکرد[٣٧].

## ٣. ڕۆڵی ژنان لە گوندی دارەبەن:

لەمێژە گوتراوە لەپشت هەر پیاوێکی مەزن ژنێکی مەزن هەیە، چونکە لە خانەدانی پیاودا، ژنان دەور و ڕۆڵێکی گرنکیان هەیە. ژنانی گوندی دارەبەن وەک هەموو ژنانی دیکەی کوردستان کاری قورسیان لەسەر شان بووە. وەک ئەوەی ژنان دەچوونە سەر کانییەکان ئاویان بە پشت دەهێنا. ئەوکاتە ئاو لە ماڵەکاندا نەبوو، وە هەروەها بۆ خۆشوشتنیش، منداڵەکانیان دەبردە سەر ئاوی کارێزەکان، لەوێ سەریان دەشوشت[٣٨].

سەبارەت بە ئیش و کاری ڕۆژانەش، ئافرەتان جێگە و پێگەیەکی دیاریان هەبوو شانبەشانی پیاو ئەرکیان دەکێشا، وێڕای منداڵ بەخێوکردن ئیش و کاری ناو ماڵ، کاری کشتوکاڵیشیان لەگەڵ پیاوان ئەنجام دەدا. زۆرجار دروونەیان دەکرد، گیشەیان دەکرد، کا و قەسەریان کۆدەکردەوە، بە پشت یان بە گوێدرێژ دەیانهێنایە ماڵەوە. ئەوکاتەش دەگەیشتنە ماڵەوە لە تەک چێشت ئامادەکردن، شوان بە گاڕانەوە دەگەڕایەوە، ئافرەتان هەوێزیان دەماڵی و مەڕیان دەدۆشی و ماستیان هێوێن دەکرد[٣٩].

هەروەها ژنان، کاری ڕستن وچنینیشیان دەکرد، خوری مەڕیان لە تەشی دەئاڵاند و دەیانڕست، پاشان بە شیشکە دەیانچنی، جلوبەرگ و لیفکە و گۆرەوی و کڵاویان لێ دروست دەکرد. هەروەها بەڕە و ڕایەخ و لبادیشیان دروست دەکرد[٤٠].

---

(٣٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوون شوکری حوسێن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢ .

(٣٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوون مهاباد ساڵح لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢

(٣٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا سەباح عەبدولعەزیز لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/٢٥

(٤٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز یاسین مستەفا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٧

## تەوەری سێیەم/

# لایەنی ڕۆشنبیری و سیاسی گوندی دارەبەن

### یەکەم. لایەنی ڕوشنبیری و خوێندەواری :

### ١. خوێندنی حوجرە:

بەر لە کردنەوەی قوتابخانەی فەرمی (میری)، خەڵکی دارەبەن لە حوجرەکان، وانەی ئایینیان دەخوێند. مامۆستای ئایینی گوند، لە حوجرە وانەی دەگوتەوە کە بە قوتابییانی ئایینیان دەگوت (فەقێ) هەبوو کە لەلایەن خەڵکی گوندەکە بژێوی ژیانیان دابین دەکرا. لە دەرگای ماڵەکانیان دەدا هەرچیان هەبا پێشکەشی فەقێیەکانیان دەکرد[٤١].

حوجرەی گوندی دارەبەن وەکوو هەموو حوجرەکانی کوردستان، جگە لە (قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر)، چەندین وانەی تریان تێدا خوێندراوە، کە زانستی وەک (بیرکاری و ئەندازیاری و ئەستێرەناسی و کیمیاو ژمێریاری و فیزیک..)یان لەخۆگرتبوو، پێیان دەگوترا (علومی مدونە)، فەقێیەکان هەم وەک وانە خوێندوویانن، هەم کتێبیشییان لە سەر داناون. سەبارەت بە تەمەنی قوتابی بۆ دەسپێکی خوێندن، لە تەمەنی نێوان (٨-١٢) ساڵاندا، یان (٧-١٠) ساڵاندا، دەخرانە بەر خوێندنی ئایینی، قۆناغەکانی ئەم چەشنە خوێندنەش تا دوا قۆناغ، بەلایەنی کەم (١٠) ساڵی ویستووە. ماوەی خوێندنی ئایینیش بۆ چەند قۆناغێک دابەشکرابوو، کە وانەکانی خوێندنی هەر قۆناغێک جیاواز بووە لە قۆناغێکی دیکە، قۆناغی یەکەم پێی گووتراوە (کیتابی)، کە دەستپێکی خوێندن بوو، قوتابی پاش ناسینی پیتەکانی عەرەبی، دەچووە سەر خوێندنی (قورئانی پیرۆز)، هاوکات دەبوایە چەند کتێبێکی وەک: عەقیدەی کوردی و ئەحمەدی تەواو بکات. ئینجا دەچووە قۆناغی دووەم، کە پێی دەگوترا (سوختە) و لەم قۆناغەوە قوتابی بە (فەقێ) ناودەبرا، لە حوجرەی مزگەوتێک شوێنێکیان بۆ دەکردەوەو چەند وانەیەکی وەک (تەسریف و عەواملی جورجانی و سەعدوڵڵای گەورەوبچوک و سەرف و نەحو)ی دەخوێند، پاشان دەچووە قۆناغی (موستەعیدی)، کە ئەویش چەندپلەیەکی هەبوو، وەک ناسکە موستەعید (موقەدییمات)، موستەعیدی تەواو، موستەعیدی دوا ماددەکان (موتەعەلیق). ئەمەش دوایین قۆناغەکانی خوێندنی ئایینی بوو،

---

(٤١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٥

لەدوای تەواوکردنی ئەو قۆناغە، (موستەعید) لە ڕێورەسمێکی تایبەتییدا، لەسەردەستی مامۆستایەکی ئایینی، کە پێی دەگوترا (موجیز)، (بڕوانامەی زانستی) وەردەگرت، ئینجا بۆی هەبوو لە مزگەوتێکدا کاری مەلایەتی بکات، سەبارەت بە زمانی خوێندنییش زۆرترین جار بە زمانی عەرەبی بووە، بەڵام زمانی فارسیش گرنگی زۆری پێدراوە، ئەمە لەکاتێکدا کە (فەقێ) بە هۆی گەڕانی بەردەوامی بەدوای خوێندندا لە ناوچە جیاوازەکاندا، هەمیشە لە زمانێک زیاتری زانیوە. خوێندنی ئایینیش خوێندنێکی ئازاد بووە، ڕەوتی خوێندن بە هەموو شێوەیەک پشتی بە هاوکاری و یارمەتی خەڵکی ئەو شوێنە بەستووە، کە قوتابخانە ئایینیەکەی لێبووە. حوجرەکانی خوێندن، جگە لە بایەخدانیان بە زانستە ئایینیەکان و زانستە سروشتی و مرۆییەکانی دیکە، مەڵبەندی ڕۆشنبیری گشتیش بوون، هەروەها سەرچاوەیەک بوون بۆ پێگەیاندنی چینێکی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگادا[٤٢].

مەلا خدری دەشتی حوجرەی گوندی دارەبەن دروست کردووە و چەندین ساڵ وانەی گوتووەتەوە، چەندین فەقێ و موستەعیدی پێگەیاندووە، ئەم زانایە هەر تەنها مەلا یان پێشنوێژ و وتارخوێنێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو زانایەکی لێهاتووی سەردەمی خۆی بوو، کە لە هۆگری بۆ خوێندنەوەی کتێب و خولیا بۆ دەستخستنی زانست و زانیاری سەرچاوەی گرتبوو، شارەزایی تەواوی لە زانستە شەرعی و عەقلی و نەقلییەکان هەبووە، ئەمەشی تەنها لەنێو خۆیدا هەڵنەگرتبوو، بەڵکو بەردەوام لە حوجرە بە قوتابییەکانی بەشیوەتەوە، یان لە وتارەکانییدا بە خەڵکی گەیاندووە، یان لە بەرهەمەکانییدا پێشکەشی کۆمەڵگاکەی کردووە، هەر ئەمەش ببووە هۆکاری ئەوەی، کە بە دەیان قوتابی لە سەرتاسەری کوردستان ڕوو لە مەدرەسەکەی، لە گوندی دارەبەن بکەن، بۆ ئەوەی لە زانیارییەکانی بەهرەمەند بن[٤٣]. بەڵام مەلا خدر لەگەڵ ئاغای گوند دەبێتە کێشەیان، بۆیە ناچار دەبێت گوندی دارەبەن جێبهێڵێت. دوای ئەو مەلا عومەر دەبێتە مەلا لە گوندی دارەبەن بەردەوام دەبێت، تا ماوەیەکی زۆر [٤٤].

---

([٤٢]) هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر ١٩٥٨-١٩٧٥، دەزگای ڕۆسا، هەولێر، ٢٠١٦، ل١١.

([٤٣]) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا فەرهاد ئەحمەد لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٥.

([٤٤]) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز ڕەمەزان ساڵح لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢٩ .

### ٢. خوێندنی فەرمی:

سەبارەت بە خوێندنی فەرمی لە گوندی دارەبەن، سالی (١٩٦١) دەستی پێکرد، ئەو ساڵە بۆ یەکەمجار قوتابخانە لە گوندەکەدا کرایەوە. پێش ئەوکاتە، هیچ قوتابخانەیەک لە گوندی دارەبەندا نەبوو. خەڵکی گوند بۆ خوێندن ڕوویان کردووەتە عەنکاوە یان دەچوونە شاری هەولێر. کە بۆ یەکەمجار قوتابخانە کرایەوە، لەناو خانوویێکی قوڕ دابوو، بەڵام ئاستی خوێندن لەوکاتەدا زۆر باش بوو، ئەوکات ئەو مامۆستایانە لەو قوتابخانەیەدا وانەیان دەگووتەوە: کەمال حەمەد ئەمین بەرێوبەر بووە. وە مامۆستاکانیش (یاسین تەها) کە خەڵکی دارەبەن بووە مامۆستا (رەشید ) مامۆستا (جەلال کاکە شین ) هتد...بوون[٤٥].

وە هەروەها لە ساڵی ١٩٧٣ قوتابخانەی ناوەندی لێ کراوەتەوە کە بۆ یەکەم جار لە هەموو گوندەکانی دەوروبەری دارەبەن تەنها لە گوندی دارەبەن قوتابخانەی ناوەندی کراوەتەوە ، وە لەبەر ئەوە خەڵکی ئەو گوندانە دەهاتنە دارەبەن بۆ خوێندنی ناوەندی وەکو گوندی گەزنە ، ئاشۆکان ، سەیدان ، بەرحوشتر ، قەراتگە ، گردە شێر ، مامەرۆک ، گرد ئارەق ، گردە چار ، قەڵانچۆخان ، سێبیران هتد.... ، مامۆستاکان زۆربەیان خەڵکی عەنکاوە بوونە واتە مەسیح بوونە وەکو مامۆستا (سولاقە) مامۆستا (حەبیب ئەکرەم شابۆ) مامۆستا (ئۆغستین) مامۆستا (فەرید عەبدە) ، وە مامۆستای موسڵمانیشی لێبووە خەڵکی هەولێر بوونە وەک مامۆستا (جەلال کاکە شین) مامۆستاو هەروەها لە ساڵی ١٩٧٩ بەرێوبەری هەردوو قوتابخانە بووە واتا سەوەتایەکە و ناوەندیەکە مامۆستا (ئەحمەد هەرشەمی) مامۆستا (سلێمان) مامۆستا (رەشید داود) تورکمان بوو مامۆستای ئینگلیزی بوو بەرێوبەریش بوو مامۆستا (عبدالباصط محمد مەنگور) زۆر کورد پەروەر بوو مامۆستا (ئەحمەد شێروانی ئەبوبەکر یاسین) [٤٦] .

وە لەبەر ئەوەی دارەبەن گوندێکی گەورە بووە قوتابی زۆر بووە لە ساڵی ١٩٩٩ قوتابخانەی ئامادەیی لێکراوەتەوە[٤٧]. گرنگترین وانەکانی کە لەم قوتابخانەیەدا خوێندراون، ئەمانە بوون: (ئەلف و بێی کوردی، بیرکاری، زیندەوەرزانی، زمانی عەرەبی، زمانی

---

(٤٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز هیشام عەزیز ٢٠٢٤/٢/٢٥ لە هەولێر، لە دایکبووی ١٩٨٠/ هەولێر.

(٤٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ یاسین مستەفا لە رێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٧.

(٤٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز هێمن حەمە لە رێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٧

ئینگلیزی، مێژوو، جوگرافیا، ئایین، پەروەردەی نیشتیمانی، کشتوکاڵ، وەرزش). لەتەک وانە زانستییەکاندا، بایەخ بەوانەهونەرییەکانی وەک وێنەکێشان دراوە [٤٨].

## دووەم. لایەنی سیاسی گوندی دارەبەن:

خەڵکی گوندی دارەبەن شانبەشانی زۆربەی ئاواییەکانی دیکەی کوردستان، بەشداری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردییان کردووە و ڕۆڵیان گێڕاوە، لەو ڕووداوانەش وەک :

### ١. شۆڕشی چواردەی تەممووزی ١٩٥٨:

شۆڕشی چواردەی تەمموز لە عێراق، وەک شۆڕشێکی سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە ڕووداوێکی گرنگی مێژووی ئەو وڵاتە دادەندرێت، لە لایەک کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی (١٩٢١-١٩٥٨) هێنا، کە ماوەی (٣٧) ساڵ بوو فەرمانڕەوایی وڵاتی عێراقی دەکرد، لەلایەکی دیکەوە کۆتایی بە داگیرکردنی ناڕاستەوخۆی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە هێنا، کە لە پێشدا زۆربەی بڕیارە چارەنووسسازەکانی ئەو وڵاتە، لە بەرژەوەندی ئەواندا یەکلادەکرانەوە. ئەگەرچی ژمارەیەک ئەفسەری باڵای سوپای عێراق هۆکاری ڕاستەوخۆی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە و سەرخستنی بوون، بەڵام بەشی زۆری خەڵکی عێراق، پشتگیری و پێشوازییان لە ڕووداوەکە کرد و هاوڕابوون لەسەر چەسپاندنی بنەماکانی. لە یەکەم بەیاننامەی شورشدا کە لەلایەن عەبدولکەریم قاسم وەک فەرمانده‌ی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقی بڵاوبووەوە، بەڵێنی ماف و ئازادییان بە خەڵکدا. بە بیستنی ئەو بەیانە، گەلی کورد لە باشوری کوردستان ڕابوو، نوقڵیان بڵاوکردەوە و بە شایی و هەڵپەڕکی جەژنیان گرت و ئەو ڕوژەیان پیروز کرد.

شاروشارۆچکەکانی سلێمانی و هەولێر و کۆیە و دهۆک و زاخۆ و ئامێدی لەژێر ڕێنمایی پارت و ڕێکخراوەکان ڕاپەڕین. لەم نێوەندەشدا گوندی دارەبەن پاڵپشتی کودەتا سەربازییەکەی گەلی عێراقیان دژ بە ڕژێمی پاشایەتی و ئەو هەموو زوڵم و ستەمە کردووە. کە بووە مایەی ئەوەی دڵخۆشییەکی زۆر بۆ خەڵکی دارەبەن بهێنێت و دڵیان زۆر پێی خۆش بووە. دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی شۆڕش، خەڵکی دارەبەن لەو ڕۆژەدا

---

(٤٨) هەمان سەرچاوە.

خۆشیان دەربڕیوە و ئاهەنگیان گێڕاوە و بە شایی و هەڵپەڕکێ و بەخشینەوەی نوقڵ و شیرینی خۆشیان دەربڕیوە[٤٩].

**٢. شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١:**

لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ تەممووزی ساڵی ١٩٥٨، بەیاننامەی لێبووردن بۆ بارزانی و هاوەڵەکانی دەرچوو، دوای دوانزە ساڵ دەربەدەری لەناو یەکێتی سۆڤیەتدا، بارزانی و هەڤاڵەکانی گەڕانەوە بۆ عێراق و حکوومەت خانووی بۆ بارزانی دابین کرد لەناو بەغداد، سەرجەم کورد، بەم گەڕانەوەیەی بارزانی دڵخۆش بوون و دووبارە گەشانەوە. لە نێوان ساڵانی (١٩٥٩–١٩٦٠) جموجۆڵی پارتی لەگەشەکردن و پەرەسەندن دابوو بەبەردەوامی کۆبوونەوەیان لەناو بەغدا بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی سازدەکرد. عەبدولکەریم قاسم ئەمەی بەدڵ نەبوو، کەوتە بیانووگرتن بە پارتی و سەرکردەکەی، لەلایەکی دیکەوە تورکیا لەلای خۆیەوە سەدان ڕۆشنبیری کوردی گرت و لەبەندیخانە توندی کردن و ئێرانیش بەهەمان شێوە کەوتە بڵاوکردنەوەی ترس و ڕاوەدوونانی ڕۆشنبیرانی کورد، لە ڕۆژئاوای ئێراندا. لەناو عێراقدا، بارزانی هەستی بەنیازخراپی ڕژێم کرد و بەغدای بەجێهێشت و ڕووی کردەوە ناوچەی بارزان و لە یازدەی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ شۆڕش دەستی پێکرد[٥٠] بۆ ماوەی سێزدە ساڵ و نیو بەردەوامی هەبوو و تاکو ١٩٧٥/٣/١٩.

گوندی دارەبەن ڕۆلیکی بەرچاوی لە شۆڕشی ئەیلوولدا بینیوە، خەڵکی گوندەکە هەر لەسەرەتاکانی شۆڕشەکە، لە شەڕەکاندا بەشدارییان کردووە، وەک: ئەحمەد دەشتی، ئەحمەد دەشتی، کوڕی مەلا خدری دەشتییە، ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی (دارەبەن) لەدایکبووە، سەرەتای خوێندنی، لە حوجرە لەلای باوکی دەستپێکردووە. لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانەوە چووەتە ناو شۆڕشی ئەیلوول و لە بووارەکانی ڕاگەیاندن و پەروەردەی شۆڕشدا ڕۆلێکی بەرچاوی گێڕاوە، دوای نسکۆی شۆڕش، واتە ساڵی ١٩٧٥، ماوەیەک لە وڵاتی ئێران بووە، پاشان دەست بە خەباتی پێشمەرگایەتی لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی

---

[٤٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی ساڵح محەمەد لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٥

[٥٠] شەوکەت مەلا ئیسماعیل، ڕۆژانێ لەمێژووی شۆڕسی ئەیلول، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٧، ل ٣٢.

کوردستان دەکاتەوە، تاکو ساڵی ۱۹۸۷ خۆی و خێزانەکەی ڕوودەکەنە وڵاتی ئەڵمانیا، تا ئێستا لەوێ نیشتەجێنە. هەروەها محەمەد دەشتی براشی هەر بەشداری شۆڕشی کردووە، ساڵی ۱۹٤۸ لە دێی (دارەبەن) لەدایکبووە، چوارەم منداڵی مەلا خدرە، دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێرە. لە ساڵانی ۱۹٦۸-۱۹۷٥ بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە لە یەکێتی جووتیارانی کوردستاندا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، بووەتە بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتییەکە. هەروەها ئەو کەسایەتییانەی خوارەوە، ڕۆڵی گرنگیان لە شۆڕشی ئەیلوول بینیوە: عەزیز حەمەد سلێمان، عەبدولسەلام خدر. ئەمانە ڕۆلیکی گرنگیان لە شۆڕشی ئەیلوولدا بینیووە. لەگەڵ ئەمەشدا گوندی دارەبەن چەند شەهیدێکی داوە، لەوانەش وەک: جەمال ئەنوەر حەسەن، سەفین سابیر حەسەن، سابیر حەسەن، ڕەشۆ، ڕەمەزان ، جەوهەر جەمیل، ئەحمەد ڕەمەزان[٥١].

### ٣. جەنگی عێراق و ئێران:

شەڕی ئێران و عێراق لە (ئەیلوولی ۱۹۸۰-ئابی ۱۹۸۸) شەڕێکی چەکداری بوو، لە نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراق هەڵگیرسا، بۆ ماوەی ۸ ساڵ بەردەوام بوو. ئەم شەڕە لە ئێران بە ناوی بەرگری پیرۆز و لە عێراق بە ناوی قادسیەی سەدام و شەڕی یەکەمی کەنداودەناسرێت.

ئەم شەڕە سەرەتا بە هێرشی هێزەکانی سەدام، سەرۆک کۆماری ئەو سەردەمی عێراق بۆ سەر ئێران دەستی پێ کرد، لە کاتی هێرشەکە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران تازە سەرکەوتووبوو و دۆخی ئەرتەشی ئێران زۆر شێواو و ئاڵۆز بوو. لە لایەکی دیکەوە عێراق لە دۆخێکی باشدا بوو، باری ئابووری لە گەشەکردندا بوو، کە سەدام ویستی بۆ ئەوە ببێتە وڵاتی یەکەمی ناوچە، هەروەها بۆ ئەوە کە پەرە بداتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و بەم شێوە کامی لە ئاڵۆزی ئێران گرتبێت. لە لایەکی دیکەوە ئێران، ئنقلابێکی ئیدیۆلۆژیکی کردبوو و دەیویست ئەم شۆڕشە پەرە بداتە سەر وڵاتانی دەوروبەری خۆی بە تایبەت عێراق کە کەمینەیەکی زۆر گەورە شیعەی هەبوو. نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆتایی هێنان بەم شەڕە لە ساڵی ۱۹۸۷ دا بڕیارنامەی ژمارە ٥۹۸ی دەرکرد. بەڵام ئەم بڕیارنامەی هەتا ساڵی ۱۹۸۸ نەهاتە کایەوە. لە دوای سوڵح، ئێران و عێراق گەڕانەوە بۆ

(٥١) چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد عەبدولعەزیز لە ڕێکەوتی ۲۰۲٤/۳/۱۷.

سەر سنووره پێشووەکانیان کە بە پیی ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥ دیاری کرا بوو .هەتاکوو ساڵی ٢٠٠٣ ئاخرین سەربازانی بە دیل گراوی دوو لایەنی شەڕەکە پێکەوە ئاڵوگۆر کران. ئەم شەڕە گیانی نیو ملیۆن سەربازی هەر دوو لای گرت، زیانێکی گەورەی تووشی هەر وڵات کرد بەڵام لە ئاکامدا هیچ سنوورێک جێبەجی نەبوو. لەم شەڕەدا خەڵکێکی زۆر بوونە قوربانی بەکاهێنانی چەکی کیمیایی و چەندین ڕووداوی گەورەی کۆمەڵکوژی) وەکوو :کیمیابارانی هەڵەبجە (تێدا ڕووی دا. لەم شەڕەدا شارە کوردنشینەکان چەندین جار بۆمباران کران و خەڵکێکی زۆر بوونە قوربانی[٥٢].

حکوومەتی عێراق بۆ شەرەکە (سەربازی بە زۆرەملێ-تجنید الاجباری)ی ڕاگەیاند، ئەمەش هەموو عێراقی بە کوردستانیشەوە گرتەوە. بۆ نموونە لە دەستپێکی شەڕەکە ساڵی ١٩٨٠ لە دایکبووانی ساڵی ١٩٥٧یش دەبووایە بەشداربن. لە گوندی دارەبەن ئەم کەسانە بەشداری شەڕەکەیان کرد و بە زۆری ڕاپێچی بەرەکانی شەڕ، لە خوارووی عێراق و بەسرە و مەجنوون و شەلامچە و دیزفوول و ناوچە سنوورییەکان، کران:

١. ئەحمەد محەمەد مەحمود.
٢. عومەر عەبدوڵڵا مەحمود.
٣. عەلی عەبدوڵڵا مەحمود.
٤. شێرزاد بەهرام جەمیل.
٥. حەمەدەمین نوری إبراهیم.
٦. عەبدوڵڵا سەعد[٥٣]

---

(٥٢) شەڕی ئێران و عێراق - ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد(wikipedia.org)

(٥٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا تەها لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/١٩ .

**ئەنجام:**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١. گونـدی دارەبەن ، گونـدێکی ناسـراوی دەشـتی بەڕانەتـی هەولێـرە، ڕۆلێکـی دیـاری لە گۆڕەپـانی ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیریی دەشـتی هەولێـردا گێـڕاوە، لەرێگـای چـالاکی ئـابووری و ڕۆشـنبیریی و سیاسـی و کـۆمەڵایەتی. سـاڵانێکی زۆر خزمەتی ئەو لایەنانەی کۆمەڵگەی کوردی کردووە.

٢. گونـدی دارەبەن (بە نـاوێکی دیـکە)، میژوویێکـی کـۆنی هەیە، بە جۆرێـک تـا ئێسـتا بە دروسـتی نازانـدرێت، کەی دروسـت بـووە. سـەرچاوەیەک پێـی وایە کە لەسـەردەمانی کۆنـدا ئەم گونـدە لەگەڵ گونـدەکانی قەڵانچۆغـان و گردەچـاڵ هاوسـنووری یەک بـوونە، گونـدی دارەبەن چەنـدان شـوێنەواری سـەردەمانی کـۆنی ئاشـووری لـێ دۆزراوەتەوە. کەواتە ئەگەر دارەبەن بەشـێک بووبێـت لە شارسـتانییەتی دەوڵەتـی ئاشـووری، دەبێـت مێـژووی ئەم گونـدە بـۆ زۆر پـێش هـاتنی ئیسلام بگەڕێتەوە،

٣. گونـدی دارەبەن، لە تەک کـار و چـالاکی سیاسـییدا، گەلێـک هەڵوێسـتی نەتەوایەتـی بەرچاویشـی هەبـووە، کە لە قۆنـاغە جیاوازەکـانی مێـژووی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد لە شـاری هەولێـر ڕەنگـی داوەتەوە، تەنـانەت زۆرجـار بە هۆیـانەوە دووچـاری دەردەسـەری و نالەبـاری هـاتوونەتەوە، ئەو هەڵوێسـتانەش زیـاتر لە چـالاکییە نەتەوەییەکـان و بەشـداری لە ڕووداوە سیاسـییەکان ڕەنگـی داوەتەوە.

٤. گونـدی دارەبەن، سـەرچاوەیەکی گرنگـی ئـابووری هەولێـر و کوردسـتان و عێـڕاقیش بـووە، بەتـایبەت لە ڕووی بەروبـومی دانەوێـڵە و ئاژەڵـداری و بەرهەمـی ئـاژەڵی وەک ماسـت و سـپیمەنییەکان. کە ماسـتی گونـدەکە بـۆ بازاڕەکـانی هەولێـر نێردراوە

٥. حـوجرەی گونـدی دارەبەن، حـوجرەیەکی بەناوبانـگ بـووە. وەکـوو هەمـوو حوجرەکـانی کوردسـتان، جـگە لە (قورئـان و فەرمـوودەی پێغەمـبەر)، چەنـدین وانەی

تریـــان تێـــدا خوێنـــدراوە، کە زانســـتی وەک (بیرکـــاری و ئەنـــدازیاری و ئەستێرەناســـی و کیمیـــاو ژمێریـــاری و فیزیک..)یـــان لەخۆگرتبـــوو، پێیـــان دەگـــوترا (علـــومی مـــدونە)، فەقێیەکـــان هەم وەک وانە خوێنـــدوویانن، هەم کتێبیشـــییان لە ســـەر دانـــاون. زانـــای ناســـراو لە گونـــدەکە دەرســـیان داوەتەوە، وەک مەلا خـــدری دەشـــتی و چەنـــدان فەقێـــی هەبووە.

٦. گوندی دارەبەن، نموونەیەکی بچووکی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، هەمان ئەو سیمایانەی کە لە تێکڕای کۆمەڵگادا هەن، لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە گوندی دارەبەنیشدا، بوونیان هەبووە. لە ڕووی ئابوورییەوە کۆمەڵگای کوردەواری زیاتر پشتی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەستووە. لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە، پابەندبوون بە دابونەریت و ئایین، دوو بنەمای سەرەکی گوندەکە بوونە.

## لیستی سەرچاوە


### یەکەم. کتێب:

- شەوکەت مەلا ئیسماعیل، ڕۆژانێ لەمێژووی شۆڕسی ئەیلوول، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٧.
- عەبدوڵڵا غەفوور (دکتۆر)، گوندەکانی کوردستان/ گوندەکانی باشوری کوردستان لە سەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا – ١٩٧٧، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
- کەمال خورشید میران، خۆشناووخۆشناوەتی، ئا: سالار میران، چاپخانەی وەزیرییە، بەغداد، ١٩٨٥.
- هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ (دکتۆر)، مەلا خدری دەشتی ژیان و ڕۆلی ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی، ناوەندی کۆڕی مێژووناسی، هەولێر، ٢٠٢٤.
- هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر ١٩٥٨-١٩٧٥، دەزگای ڕۆسا، هەولێر، ٢٠١٦.

### دووەم. چاوپێکەوتن:

- خاتوون شوکری حوسێن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢.
- ڕەمەزان ساڵح دارەبەنی، لە ڕیکەوتی ٢٠٢٤/١/٢٩.
- ساڵح محەمەد دارەبەنی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٥.
- سامی دارەبەنی ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٦.
- سەباح عەبدولعەزیز لە ڕیکەوتی ٢٠٢٤/٢/٢٥ .
- سەعدەدین محەمەد نووری ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢٩.
- شوکری حوسێن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢.
- عەبدوڵڵا تەها لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٥.
- فەرهاد ئەحمەد لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٥.
- محەمەد عەبدولعەزیز لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/١٧.

- مەهاباد سالّح لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢.
- هیشام عەزیز لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/٢٥
- هێمن حەمە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٧.
- یاسین مستەفا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٧ .

**سێیەم. سایتی ئینتەرنێت:**

- پەیجی فەیسبووکی (عەنتیکەخانەی کوردەواری).
- سایتی عەنکاوە| پارێزگای هەولێر(Erbil Governorate (hawlergov.org
- شیربایی لە سایتی زانیاری بڕوانە: (zaniary.com)
- شەڕی ئێران و عێراق - ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد(wikipedia.org)
- کوردیپیدیا – دارەبەن. سەرکەپکان (kurdipedia.org)
- کوردیپیدیا - دەشتی بەرانەتی (kurdipedia.org)

# پاشکۆ

(١)

دیمەنێکی دارەبەن



(٢)

وێنەی مەلا خدری دەشتی

